ئەنجومەنی دادوەری

ژمارە: ٩٩ لە ٢٠١٩/١٢/٤

بڕیار

دوا بە دوای بڕیارەکانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە (٢٨ لە ٢٠١٣/٥/٧ و ٦٣ لە ٢٠١٥/٨/٤) کە دەرچوون دەربارەی پەیکەری ڕێکخستنی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان وە لە سەر داوای دیوانی چاودێری و دارایی / فەرمانگەی کارگێری و دارایی و یاسایی بە نووسراویان ژمارە (١١٣٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریاندا بە کۆی دەنگی ئامادەبوون بە :

١- بەشی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هە ولێر / سلێمانی /دهۆك / (کەرکوك/گەرمیان) بگۆردرێت بۆ (**بەشی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی**).

٢- ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

بنگین قاسم محمد

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

وەزارەتی داد

بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩

پاڵپشت بە و دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی برگەی دووەم لە ماددە (٩)ی یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددە (٣٦) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراو و ئاماژەی بە ڕاسپاردەی دەستەی ڕاوێژکاری هەمیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٠٥١ لە ٢٠١٩/١٠/٣٠) و بریارماندا بە :-

- ئەنجامدانی (تحریر تمهیدی) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەردوو مولکی ژمارە (١و٢ کەرتی ٦٣ بیارە) کە گوندی کۆنی بیارەی لە سەر درووست کراوە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە .

فەرست احمد عبدالله

وەزیری داد